Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ئارگیومێنتی پرسیاریی لە گوتاری سیاسیی سەرۆکی (جوڵانەوەی نەوەی نوێ) دا

**د. چۆلی ئەسعەد جراد**

**بەشی تەکنیکی میدیا، پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، عێراق**

asaad@spu.edu.iq

**پوختە:**
ئـەم توێژینەوەیـە، پرسـیاری ئارگیومێنتـی لـە بـواری ئەرگیومێنتسـازییدا ئـەکات بـە ئامانـج، کـە ئاخێـوەر بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجەکـەی بـەکاری ئەهێنێـت، گوتـاری سیاسـییش، پشـت بـە بەکارهێنانـی کۆمەڵێـک میکانیزمـی ئارگیومێنتیـی، لـە ناویشیاندا میکانیزمـی پرسـیاری ئارگیومێنتیـی ئەبەسـتێت، کـە بـە ئامانجـی رازییکردنـی وەرگـر بەکاردێـت، بەتایبـەت لـەو گوتـارە سیاسییانەی لـە راگەیاندنەکانـەوە و بـە شـێوەی زارەکیـی ئاراسـتە ئەکرێـن. هـەروەک ئەشـزانرێت زمانـی دەربڕیـن تەنیـا بـۆ چێژبەخشـین بەکارنایـەت، بەڵکـو ئەشـێت بـۆ کاریگەریـی دروسـتکردن و رازییکـردن پەنایـان بـۆ ببرێـت. پرسـیاریش بـە یەکێک لـە دیارتریـن ئـەو شـێوازە زمانییانـە دائەنرێـت. لـەم توێژینەوەیـدا، پشـت بـە تیـۆری شـیکردنەوەی گوتـار بەسـتراوە و ئاماژە بـەو شـێوازی پرسـیارانە ئـەدات کـە بـە مەبەسـتی ئارگیومێنتیـی لەلایـەن نێرەری گوتـارەوە بـەکار ئەهێنرێـن، چونکـە پرسـیار هـۆکاری بزواندنـی بیـری مرۆڤـە، ئەگـەر قسـەکردن وروژاندنـی پرسـیار بێـت، یـان پرسـیار بخوازێـت، پێویسـتە لـەو گفتوگۆیـەدا ئارگیومێنـت بێتـە کایـەوە، پرسـیاری ئارگیومێنتییـش پرسـیارێک نییـە تەنیـا رۆڵـی پرسـیاری رێزمانیـی بگێرێـت، بەڵکـو وەک میکانیزمێکـی ئارگیومێنتیـی ئەچێتـە ناو قسـەکردنەوە. پرسـیاری ئارگیومێنتیـی، بەهـۆی سرووشـتی رازییکەرانەیـەوە ئەتوانێـت کاریگەریـی لەسـەر وەرگـر هەبێـت. ئـەم توێژینەوەیـە ئـەو پرسـیارانە دیـاری ئـەکات کـە لـە گوتـاری سیاسـیی زارەکیـی سـەرۆکی جوڵانـەوەی نـەوەی نـوێ دا رۆڵـی ئارگیومێنتـی ئەبینـن. گوتـاری بـە نموونـە وەرگیـراو لـە چوارچێـوەی دیدارێکـی تەلەڤزیۆنیـدا ئاراستەکراوە، گوتارەکـە لـە چوارچێـوەی هەڵمەتـی هەڵبژاردنـی ئەنجومەنـی نوێنەرانـی عێـراق لـە سـاڵی (٢٠٢١) دا وەرگیـراوە، هەڵبـژاردن وەک سەرنجراکێشـترین بابـەت بـۆ شـیکردنەوە دیاریکـراوە و دیـدارە تەلەڤزیۆنییەکانیـش هەڵگـری پەیامـە کاریگەرەکانـی هەڵمەتـی هەڵبژاردنـن.

**کلیلە وشەکان: ئارگیومێنت، پرسیاری ئارگیومێنتیی، گوتاری سیاسییی، جوڵانەوەی نەوەی نوێ**

Recieved: 7/7/2024
Accepted: 21/7/2024



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی

توێژینەوەکـە بـە ناونیشـانی (پرسـیاری ئارگیومێنتـی لـە گوتـاری سیاسـیی سـەرۆکی جوڵانـەوەی نـەوەی نـوێ دا)، لـەم توێژینەوەیـەدا، گوتـاری سیاسـیی جوڵانـەوەی نـەوەی نـوێ لـە دیدارێکـی تەلەڤزیۆنیـی کەناڵـی (NRT) لـە چوارچێـوەی هەڵمەتـی هەڵبژاردنـی ئەنجومەنـی نوێنەرانـی عێـراق (٢٠٢١) وەرگیـراوە، شـیکاریی بـۆ شـێواز و چۆنیەتیـی بەکارهێنانـی پرسـیاری ئارگیومێنتیـی لـە گوتارەکـەدا وەک میکانیزمـی ئارگیومێنتـی کـراوە. توێژینەوەکـە، بێجگە لە پێشـەکی، سـەرچاوەکان، ئەنجـام و پوختـە لـە دوو بـەش پێکدێـت: بەشـی یەکـەم: بەشـی تیۆریـی توێژینەوەکەیـە، بـاس لـە ئارگیومێنـت و پرسـیاری ئارگیومێنتـی و گوتـاری سیاسـیی ئەکرێـت.

بەشـی دووەم: بەشـی کارەکیـی توێژینەوەکەیـە، تیایـدا پرسـیارە ئارگیومێنتییەکانـی گوتـاری سیاسـیی سـەرۆکی جوڵانـەوەی نـەوەی نـوێ لـە چوارچێـوەی دیـداری تەلەڤزیۆنیـدا و شـیکاری بـۆ جـۆر و مەبەسـتەکانی پرسـیارە ئارگیومێنتییـەکان کـراوە.

### ١-٠ گرنگیی توێژینەوەکە:

لـەم سـەردەمەدا کـە گوتـاری زۆر ئاراسـتە ئەکرێـن، بـە تایبـەت ئـەو گوتـارە سیاسـییانەی لـە راگەیاندنەکانـەوە و بـە شـێوەی زارەکیـی دەرئەبڕرێـن، لێکەوتـەی جیاوازیـان لەسـەر وەرگـر بـۆ رازییکردنیـان هەیـە، پرسـیاری ئارگیومێنتییـش لـەو جـۆرە گوتارانـەدا رۆڵێکـی ئارگیومێنتـی لـە کاریگەرییـدا ئەبینێـت. وەک چەمکێکیـش لـە بـواری کۆمەڵایەتیـی و دەروونیـی و تەنانـەت سیاسییشـدا بـە فراوانـی رۆڵ ئەبینێـت. لـە ئاراسـتەکردن و بەرهەمهێنانـی گوتـاری سیاسییشـدا بـە مەبەسـتی کارتێکـردن و رازییکـردن رۆڵ ئەبینێـت. ئـەم توێژینەوەیـە وەڵامـی ئـەو پرسـیارە ئەداتـەوە، کـە ئایـا لـە گوتـاری سیاسـییی کوردیـدا پرسـیاری ئارگیومێنتـی بـەدی ئەکرێـت؟ ئەگـەر هەیـە کام جۆرانـەن و بەکارهینانیـان چ رۆڵێـک ئەبینێـت و بـە چ مەبەسـتێک هەیـە؟ هـەروەک ئەتوانرێـت هۆشـیارییەکی زیاتـر بـۆ بەکارهێنانـی ئـەم چەمکـە دورووسـت بـکات، سـەرەڕای ئـەوەش ئەشـێت وەک سـەرچاوەیەک لـە بـواری ئارگیومێنـت و شـیکردنەوەی گوتـاردا بـۆ خوێندنـی زمان سـودی لـێ ببینرێت.

### ٢-٠ ئامانجی توێژینەوەکە:

نیشـاندانی هەبوونــی پرسـیاری ئارگیومێنتییــە وەک میکانیزمێکــی ئارگیومێنتــی لــە گوتــاری سیاســییی زارەکییــدا و، دەستنیشـانکردنی جـۆر و شـێوازی پرسـیارە ئارگیومێنتییەکانـە، کـە لـە پێنـاو رازییکردنـی وەرگـر بـە ناوەرۆکـی گوتـاری سیاسـیی جوڵانــەوەی نــەوەی نــوێ دا بــەکار ئەهێنرێــن؛

١- جـۆری ئـەو پرسـیارە ئارگیومێنتییـە دەستنیشـان ئـەکات کـە بەشـدار ئەبـن لـە ئاراسـتەکردن و بەرهەمهێنانـی گوتـاری سیاسـییدا.

٢- مەبەستی پشتبەستن بە پرسیارە ئارگیومێنتییەکان لە گوتارەکەدا دیاری ئەکات .

٣- جۆری بەکارهێنانی پرسیارە ئارگیومێنتییەکان لە گوتارە سیاسییەکەدا ئەخاتەڕوو.

### ٣-٠ پرسیار و کێشەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە وەڵامی چەند پرسیارێک ئەداتەوە:

١- میکانیزمی پرسیاری ئارگیومێنتی ڕۆڵی چییە؟

٢- ئەو جۆرە پرسیارانە چین کە نێرەری گوتاری سیاسیی وەک میکانیزمێکی ئارگیومێنتی پەنایان بۆ ئەبات؟

٣- بەکارهێنانی پرسیار وەک میکانیزمێکی ئارگیومێنتیی، چیی بە گوتاری سیاسیی ئەبەخشێت؟

٤- بۆچیی پرسیار وەک میکانیزمێکی ئارگیومێنتیی لە گوتاری سیاسییی زارەکییدا گرنگە؟

### ٤-٠ کەرەستە و سنووری توێژینەوەکە:

کەرەستەی توێژینەوەکە بریتییە لە شیکردنەوەی گوتاری سیاسیی (هەڵبژاردن) بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی (٢٠٢١). لەم توێژینەوەیەدا، گوتاری سیاسیی جوڵانەوەی نەوەی نوێ لە دیداری تەلەڤزیۆنییدا لەگەڵ ( شاسوار عەبدولواحید- سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ) شیی ئەکاتەوە، سنووری لێکۆڵینەوەکەش جۆر و شێوازی پرسیاری ئارگیومێنتیی ئەگرێتەوە.

**٠-٥ ڕێبازی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا، پشت بە تیۆری شیکاریی گوتار بەستراوە، لە ئەنجامدانی شیکارییەکەدا ڕێبازی توێژینەوەی چۆنیەتیی وەسفیی بەکارهاتووە، لەبەر ڕۆشنایی تیۆری (ڕەوانبێژیی نوێی پێرلمان و تیتیکا) دەستنیشانی جۆر و شێوازی پرسیارە ئارگیومێنتییەکان کراوە.

**٠-٦ گریمانەی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا گریمانەی ئەوە ئەکەین:

١- گوتاری سیاسیی زارەکیی پێویستی بە پرسیاری ئارگیومێنت هەیە تاوەکو کاریگەر بێت و بە مەبەستەکەی بگات.

٢- پرسیاری ئارگیومێنتیی بۆ رازییکردنی وەرگر لە گوتاری سیاسییدا بەکار ئەهێنرێت.

٣- لە گوتاری سیاسییدا، پرسیاری ئارگیومێنتیی وەکو ئارگیومێنتی سەلمێنەر ڕۆڵ ئەبینێت.

## بەشی یەکەم: ئارگیومێنت و پرسیاری ئارگیومێنتی لە گوتاری سیاسییدا

**١- ئارگیومێنت:**

ئارگیومێنت، لە وشە (Argument)ەوە هاتووە، کە لە کرداری (Arguere)ی لاتینییەوە وەرگیراوە، بەو واتایەی وا بکەیت شتێک روون و درەوشاوە و دیار بێت (بنور، ٢٠٠٨: ٢٥). Argue ئاماژە بە بوونی جیاوازیی لە نێوان دوو لایەن و هەوڵی هەر یەکێکیان بۆ رازییکردنی ئەوەی تریان بە دید و بۆچوونەکانی لە ڕێگای پێشکەشکردنی هۆکارەکان یان گرفتەکان ئەدات، کە پێی وایە بەڵگەی پاڵپشت و بەرگرییکارە لە بیرۆکەیەک، یان رایەک یان ڕەفتارێک( Longman:١٩٨٩, ٧٨-٧٩). کەواتە، ئارگیومێنت ڕێکارێکە، بە هۆیەوە کەسێک بە بەکارهێنانی بەڵگە ئەیەوێت وەرگرەکانی هەڵوێستێکی دیاریکراو بنوێنن، بە مەبەستی دەرخستنی ئەو هەڵوێستە، یان درووستیی بنەماکانی، واتا پرۆسەیەکە ئامانجی رازییکردنی ئەوی ترە و کارلێکردنیەتی، ئامرازەکەشی بەڵگەیە (ابو الزهراء، ٢٠٠٣: ٥).

پێرلمان و تیتیکا، لە پێناسەی ئارگیومێنتدا ئەڵێن: بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە میکانیزمەکانی گوتار، کە کار لەسەر وەرگر ئەکات بۆ قبووڵکردنی ئەوەی پێی ئەوترێت، یان ئاستی ئەو قبووڵکردنەوەی بەرزتر ئەکات بەوە. بە گوێرەی بۆچوونەکانیان، باشترین ئارگیومێنت ئەوەیە، کە وا لە بیسەرەکان بکات ئامادەبن بۆ کردنی کارێک لە چرکەساتێکی گونجاودا (صولة: ٢٠٠٧، ٢٧). (دیکرۆ و ئەنسکۆمبێر) لە کتێبی (ئارگیومێنت لە زماندا) L'argumentation dans la langue، ئاماژە بەوە ئەکەن کە ئارگیومێنت تەواو زمانییە و لەسەر بنەمای زمان ئەوەستێت نەک لەسەر میکانیزم و شێوازەکانی گوتار لە نیمچە لۆژیکیی و فۆرمیی و بیرکارییانە لەلای پێرلمان (الدریدي: ٢٠١١، ٢٢)، لە نێوان ئەو دوو بۆچوونەی (پێرلمان و تیتیکا) لەلایەک و بۆچونەکەی (دیکرۆ و ئەنسکۆمبێر) لەلایەکی تروە، تێرەری گوتاری هەموو توانا زمانیی و ڕەوانبێژییەکانی بەکاردەخات لە پێناو کاریگەریی دروستکردن لەسەر وەرگر، بەلای (ستیفان تۆلمین)ەوە شێوەی بەڵگەهێنانەوە لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا، بەدوای ئەو هەوڵانەدا ئەگەڕێت کە ئارگیومێنتساز بۆ سەلماندنی پرسێکی دیاریکراو هەوڵی بۆ ئەدات (محەمەد، ٢٠٢١: ٣٠). هەرچیی بۆچوونەکانی (میشێل مایەر)ە

لـە ئارگیومێنتسـازیدا، پەیوەسـتن بـە دیاریکردنـی سرووشـتی قسـەکردن و ئەرکـە پرسـیار ئامێزەکانیـەوە، ئەگـەر قسـەکردن وروژاندنـی پرسـیاربێت یـان پرسـیار بخوازێـت، پێویسـتە لـەو گفتوگۆیەدا ئارگیومێنـت بێتەکایـەوە (القـارصي: ١٩٩٨، ٣٩٤). لەم تێگەیشتنەشـەوە، هەمـوو گوتارێـک ئەیەوێـت لـە رێگـەی چەنـد میکانیزمێکـی ئارگیومێنتییـەوە هەڵوێسـتێک بچەسـپێنێت و کاریگەریـی درووسـت بـکات، میکانیزمەکانـی ئارگیومێنـت زۆر فراوانـترن و ئەچنـە بازنـەی سـتراتیژییەتی گوتارەکانـەوە و بەشـێکی گرنگـی نـاوەرۆک و پێکهاتەکانیـان پێـک ئەهێنـن (محمـد و دزەیـی، ٢٠٢٠: ٥٦٠).

## ٢-١ میکانیزمەکانی ئارگیومێنت:

ئـەو میکانیـزم و تەکنیکانـە ئەگرێتـەوە، کـە نێـرەری گوتـار بـۆ پێکهێنانـی ئارگیومێنتەکـەی و گەیشـتن بـە مەبەسـتەکەی و رازییکردنـی بـەکاری ئەهێنێـت. پێرلمـان و تیتیـکا، پێیانوایـە ئارگیومێنـت ئـەو میکانیزمانـەی گوتـارن، کـە وا لـە وەرگـر ئەکـەن زیاتـر بـڕوات پـێ بـکات (محمـد و دزەیـی، ٢٠٢٠: ٥٦٠) و دوو جـۆر یـان رێـگا دیـاری ئەکـەن، کـە بریتییـن لـە پەیوەسـتکردن (وصـل/liaison)، کـە مەبەسـت لێـی رێگاکانـی پەیوەسـتکردن و پەیوەندیـی درووسـتکردن و لێـک نزیککردنـەوەی ئـەو رەگەزانـەن کـە لـە بنەڕەتـدا لـە یـەک دوورن (صولـة، ٢٠٠٧: ٣٢). رێـگای جیاکردنـەوە (فصـل/dissociation)، مەبەسـت لـەم رێگایـە جیاکردنـەوەی نێـوان راسـتیی و دەرکەوتنـی رەگەزەکانـی بابەتێکـە (Van Eemeren: ٢٠١٤، ٢٨٢). بـەلای پێرلمـان و تیتیـکاوە، فۆرمـی زمانییـش بەهـای ئارگیومێنتیـی جێگیـری ئەبێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش چەنـد دەسـتەواژەیەکی زمانیـی گوزارشـتکەر ئاماژەیـان پێکـراوە لـە کات و رانـاوەکان و دەسـتەواژەکانی پاتکردنـەوە وەک وێنەیەکـی رەوانبێژیـی (صولـە، ٢٠١١: ٣٨-٤٠). (دیکـرۆ و ئەنسـکۆمبێر) نیمچـە لۆژیکییـەکان ئـەدەن، کـە خۆیـان لـە ئامـرازە زمانییەکانـدا ئەبیننـەوە (العـزاوي، ٢٠٠٦ : ١٩). تیۆرەکـەی "دیکـرۆ" لـە ئامرازەکانـی زمانـدا بەسـتەری نێـوان پێکهاتـە وتەییـەکان (دەربـڕاو و وشـەکان) بەرهەمهێنـەری ئارگیومێنتییـن، چونکـە ئارگیومێنتـە زمانییـەکان هێـزی ئارگیومێنتیـی جیاوازیـان هەیـە (دیکـرو، ٢٠٢٠: ١٩). بـەڵام لای میشـێل مایـەر، لـە ئارگیومێنتـی لێپرسـینەوەدا پشـت بـە رەگەزەکانـی رەوانبێژیـی و بـە تایبـەت میتافـۆر ئەبەسـتێت، مایـەر پێـی وایـە ئـەو ئاخاوتنـە ئارگیومێنتییانـەی پشـت بـە شـێوازی جیـاواز ئەبەسـتن، بەهێزتـر و باڵاتـرن لـە پلـەی ئارگیومێنتییـدا و هەمیشـە لـە پێنـاو ئامانجـی رازییکردنـدا (صدیـق، ٢٠١٨: ٥٦٤٠). بـۆ ئـەم مەبەسـتە بەکارهێنانـی زمانیـش لـە کەسـێکەوە بـۆ یەکێکـی تـر ئەگۆڕێـت، ئـەم گۆڕانکارییـەش پەیوەسـتە بـە دەوروبـەر و بـاری دەروونیـی و بیرکردنـەوە و جیهانبینیـی کەسـەکانەوە، (سـلێمان، ٢٠٢٢: ٧٣). لـەم چوارچێوەیەشـدا، خواسـتن، پرسـیارکردن، لێکچوانـدن، پاتکردنـەوە، درکـە و میتافـۆر و... شـێوەکانی تـری رەوانبێژیـی، رێگەیەکـی بەڵگەهێنانـەوەی ئارگیومێنتییـن و هێـزی کاریگەریـی درووسـتکردن و رازییکردنیـان هەیـە.

## ٣-١پرسیار و پرسیاری ئارگیومێنتیی

رسـتەی پرسـیاریی ئـەو رسـتەیەیە، کـە لـە رێـگای ئامـرازی پرسـیارەوە، یـان بـێ ئامـرازی پـرس درووسـت ئەبێـت، کـە ئەرکـی ئاراسـتەکردنی پرسـیارێک جێبەجـێ ئـەکات، یـان داوای روونکردنـەوە یـان جەختکردنـەوە لـە شـتێک ئـەکات بـەوە، هەندێکجاریـش بـە مەبەسـت بـەکار ئەهێنرێـت، کـە ئەشـێت ئاخێـوەر هەندێـک زانیاریـی لابێـت و بیەوێـت لـە رێـگای پرسـیار لـە وەرگـر زانیارییەکانـی بدرکێنێـت (عەلـی و محـێ، ٢٠١٨: ١٥٥-١٥٦).

پرسـیار، لەگـەڵ ئـەوەی رەنگدانـەوەی کەسایەتیی مرۆڤـە، لـە هـەر گفتوگۆیەکـدا یاریـدەدەر ئەبێت لە شـکاندنی بەربەسـتی تـرس و شـەرمە، ئاخاوتنـەکان روون و ورد ئەکاتـەوە (السـاري، ٢٠١٢: ١٥٢-١٥٥). پرسـیارکردن لـە زمانـی کوردیـی دا لـە رێـگای

ئامرازی پرس، وەک؛ کێ، کەی، کوێ، چۆن، کام، چەند .. و بە ڕێگای ئاوازی ڕستە درووست ئەکرێت، کە ئەم جۆرە ڕستە پرسیارییانە پێویستییان بە ئامرازی پرسکردن نابێت، بەڵکو لە ڕێی هێز یان ئاوازی ڕستەکەوە دەرئەکەوێت، کە ئاوازی ڕستەی پرسیاریی لە خوارەوەبۆ سەرەوە ئەبێت و لە کۆتاییدا دێتەوەخوارەوە؛

١- ئەرێ ئازاد ڕۆیشت بۆ قوتابخانە؟

٢- ئازاد ڕۆیشت بۆ قوتابخانە؟

وەک دەرئەکەوێت لە ڕستەی ژمارە (١)دا پرسیارەکە لە ڕێگەی ئامرازی (ئەرێ)وە ئاراستەکراوە، بەڵام لە ڕستەی ژمارە (٢)دا هیچ ئامرازێکی پرسیاریی بەکارنەهاتووە، بەڵکو تەنیا لە ڕێگەی ئاواز و هێزی دەربڕینەوە سازکراوە (عەلی و محێ، ٢٠١٨: ١٥٨). کەواتە بە شێوەیەکی گشتیی پرسیار داوای زانیینی شتێکە، کە نەزانراوە لای داواکار، لە ڕێگای ئامرازی پرس یان ئاوازەی پرس درووست ئەبێت، زۆرجار مەبەستی پرسیار دەرئەچێت و مەبەستی تر ئەگەیەنێت، وەک؛ سەرسوڕمان، گلەیی، نائومێدیی دەربڕین و پەژارە دەربڕین و .. هتد (دزەیی، ٢٠١٥: ١٦). هەندێکجاریش ئەتوانرێت پرسیار بۆ ڕەتکردنەوەی پرسیارێکی تر بەکاربهێنرێت (perelman & tyteca, ١٩٧١:١٦٠). کەواتە پرسیارکردن تەنیا بۆ زانیاریی وەرگرتن نییە، بەڵکو زانیارییش ئەگەیەنێت بۆ ڕازییکردن و بەلاڕێدابردنی جەماوەر بەکاردێت بۆ بەرژەوەندیی ئاخێوەر لە ڕێگای وەڵامەوە، کە زانیاریی زیاتر ئەدرێت و هۆکار و ئەنجام و پێشهاتەکان ئەخاتەڕوو، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ وەڵام ئەدرێتەوە، یانیش لە ڕێگای پرسیارەوە زانیاریی ئەدات، کە کێشەیەک یان گرفتێک هەیە، کە بەشێوەی پێشگریمانەییەوە ئەچێتە چوارچێوەی پراگماتیکەوە (دزەیی، ٢٠١٢: ٢٠-٢١). زۆرجار ئامانج لە پرسیار ئەوەیە، کە مرۆڤ بژاردەیەکی لە نێو چەند بژاردەیەکدا هەبێت. لە دۆخێکی لەم شێوەیەشدا وەرگر تەنیا زانیاریی سەبارەت بە بۆچوونەکانی ئاخێوەر ئەدەن، بەڵام وەڵام بۆ پابەندبوونە بەو وتانەی ئاخێوەر جەختی لەسەر ئەکاتەوە(perelman & tyteca, ١٩٧١:٤٩٣) .

سەبارەت بە ئەرکەکەی (پێرلمان و تیتیکا) ئاماژە بەوە ئەکەن، کە پرسیار گریمانەی شتێکە، کە ڕێککەوتنی پێشوەختەی لەسەرە. وەڵامدانەوەی پرسیارەکەش جەختکردنەوەی ئەم ڕێککەوتنەیە لەسەر ناوەڕۆکەکەی. مەبەست لە پرسیارکردن هەندێکجار دانپێدانانە بە کردەوەیەک لەلایەن ئاخێوەرەوە کە گوایە ئاگادارییەتی، بەبێ ئەوەی لە ڕاستییدا ئاگاداری بێت. بەڵام زۆرجار مەبەست لە پرسیارکردنەکە وەڵام وەرگرتنەوە نییە، هەرچەندە پەیوەندیی بە ڕووداوە ڕاستەقینەکانەوە هەیە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە بەرامبەرەکەی بەرەو ناتەبایی ببات. زۆرجاریش پرسیارەکان تەنیا ڕێگەیەکی زیرەکانەی دەستکردن بە مشتومڕن (perelman & tyteca, ١٩٧١:١٥٩). بەهۆی ئەوەی پرسیار گرنگییەکی زۆری لە زماندا هەیە، بەتایبەتیش لە بواری پراگماتیکدا و پرسیار هۆکاری بزواندنی بیری مرۆڤە، ئەگەر قسەکردن وروژاندنی پرسیاربێت، یان پرسیار بخوازێت، پێویستە لەو گفتوگۆیەدا ئارگیومێنت بێتەکایەوە، ئارگیومێنتیش ئەچێتە ناو قسەکردنەوە، چونکە قسەش بە هێزەوە پرسیار لە خۆئەگرێت و واتاکانی تێ ئەئاخنێت (القارصي: ١٩٩٨، ٣٩٤). ئەرکی ئارگیومێنتیش پرسیار و بەڵگەهێنانەوەیە، لەبەرئەوەی خەڵک کاتێک قسە ئەکەن پرسیار ئەکەن و بەڵگە ئەهێننەوە یان ئارگیومێنت بەکار ئەهێنن (خضیر، ٢٠١٩: ٤٢).

پرسیار لە گوتاردا ئامانجی بەدەستهێنانی زانیاریی و ڕێککەوتن نییە، بەڵکو تەنیا پەیوەندییان بە وەرگرەوە هەیە. لە گوتاردا ئاخێوەر داوا لە بەرامبەرەکەی ئەکات، بیر لەو دۆخە بکاتەوە کە باسی لێوە ئەکرێت و بانگیان ئەکات بۆ بەشدارییکردن لەو بابەتەی باسی لێوە ئەکرێت، یان لەوانەیە هەوڵی ئەوە بدات خۆی تێکەڵ بە ئامادەبوونی بکات (perelman & tyteca, ١٩٧١:١٧٨).

مەبەستی ئەم توێژینەوەیە، پرسیاری ئاسایی نییە، واتا پرسیارێک نییە کە بەدوای زانیاریی دیاریکراودا ئەگەڕێت، بەڵکو پرسیارێکە وەک وتەیەکی کردەیی ناڕاستەوخۆ بەکاردێت. واتا پرسیارێکە، ئامانجیەتی گۆڕانکاریی لە بیرکردنەوەی وەرگردا درووست بکات، یان بە بیرۆکەیەک رازیی بکات، یان هانی بدات کارێک بکات. چونکە پرسیاری ئارگیومێنتی لەسەر بنەمای بەکارهێنان دائەمەزرێت، واتە بەکارهێنانی زانیاریی و بیرە ئایدۆلۆژییەکان و خستنەڕوویان بە مەبەستی رازییکردن، گوتارە سیاسییەکان هەڕەمەکییانە ئاڕاستە ناکرێن، بەڵکو لە ئایدۆلۆژیایەکەوە سەرچاوە ئەگرن (ابراهیم، ٢٠٢١: ٤٣). چونکە ئەشێت رستەکە لە شێواز و فۆرمدا پرس بێت، بەڵام مەبەستی تری ئەبێت، کە واتای پراگماتیکییە.

**١- ٤ جۆرەکانی پرسیاری ئارگیومێنتی**

١- پرسیار بۆ گەیاندنی هەواڵ، کە هەندێکجار لە دەربڕاوی ناڕاستەوخۆی پرسیاریدا هەواڵ و زانیاریی ئەگوێزرێتەوە، نەک بەدەستبهێنرێت؛

- ئەی داهاتی ناوخۆ چیی لێ دێت؟

پرسیارەکە بۆ ئەوە ناکرێت کە وەرگر وەڵام بدرێتەوە، بەڵکو پرسیارێکی ئارگیومێنتییە و ناڕاستەوخۆ زانیاریی ئەدات کە داهاتی ناوخۆ هەیە و وەک پێویست بەکار ناهێنرێت.

٢- پرسیاری ئاگادارکردنەوە، مەبەستی ئاخێوەر ئاگادارکردنەوەی وەرگرە نەک وەڵام وەرگرتنەوە؛

- ئەتانەوێت ئاوا بژین؟

مەبەستی ئاخێوەر ئاگادارکردنەوەی وەرگرە لە جۆری ئەو ژیانەی کە هەیانە و ژیانێکی نائاساییە و پێویستە وەرگر ئاگاداربێت کە نابێت چیتر بەو شێوەیە بژیی و قبووڵی بکات.

٣- پرسیاری داواکاریی، کە داواکارییەک لە شێوەی پرسیاردا ئەکرێت؛

- دەستت ئەگاتە شەکرەکە؟

ئاخێوەر چاوەڕێی وەڵامی بەڵێ و نەخێر ناکات بۆ پرسیارەکەی، بەڵکو پرسیارێکە لە چوارچێوەی کردەی قسەییدا کە وەرگر ئەبێت کردەی دەستخستنی شەکر جێبەجێ بکات.

٤- پرسیاری فەرماندان، مەبەست لێی فەرمانکردنە نەک وەڵام وەرگرتنەوە؛

- ئیتر واز ناهێنن؟

مەبەست لە پرسیارەکە پرسیارێکی ئاسایی نییە، کە وەڵامی هەبێت، بەڵکو پرسیارێکە داوای واز هێنان لە کردەیەک ئەکات.

٥- پرسیار بۆ شانازییکردن، کە مەبەست لێی دەرخستنی بارێکی دیاریکراوە، کە ئاخێوەر خۆی بەشداریی لە بەرهەمهێنانیدا کردووە؛

- پێم بڵێ ئێمە چییمان نەکردووە؟

ئاخێوەر بەمەبەست پرسیار ئەکات، ناڕاستەوخۆ هەستی شانازییکردن بەخۆی ئەگەیەنێت بە وەرگر، نەک چاوەڕێی وەڵامدانەوە بکات.

٦- پرسیار بۆ دڵنیاییدان، مەبەست لێی گومان نەهێشتن و دڵنیاییدانە لەڕێی پرسیارەوە؛

- مەگەر دەنگ نادەن بە ئێمە؟

مەبەست لەم پرسیارە پرسیارێکی ئاسایی نییە، بەڵکو دڵنیاییدانە بەوەی کە دەنگدەر دەنگ بەوان ئەدات نەک

لایـەن و کەسـێکی تـر.

٧- پرسیار بۆ دڵخۆشکردن؛

- ئەی شکست بۆ گەندەڵەکان نییە؟

مەبەستی ئاخێوەر وەڵام وەرگرتن نییە، بەڵکو دڵخۆشی بە وەرگر ئەدات کە گەندەڵکاران شکست ئەهێنن.

٨- پرسیار بۆ هەڕەشەکردن؛

- دەنگ نادەن بە ئێمە؟

مەبەسـتی نێـرەر پرسـیارکردن نییـە، بەڵکـو لەڕێـی ئـاوازی دەربڕیـن و پرسـیارەوە هەڕەشـە ئـەکات، کـە ئەگـەر دەنـگ نـەدەن بـە ئێمـە خۆشـی نابینـن.

٩- پرسیار بۆ ترساندن؛

- ئەزانن ئەگەر دەنگ نەدەن بە ئێمە چیی ئەبێت؟

ئاخێوەر لە ڕێی پرسیارەوە ترس ئەخاتە دڵی وەرگرەکانییەوە، کە ئەگەر دەنگ بەوان نەدەن خراپتان بەسەردێت.

١٠- پرسیار بۆ دوعاکردن؛

- خودا بە خراپەی خۆیان لەگەڵ ناکات؟

نێرەر لێرەدا پرسیار لە وەرگر ناکات، بەڵکو لە چوارچێوەی پرسیاردا دوعا ئەکات.

١١- پرسیار بۆ جەختکردنەوە؛

- پێتان وایە ئەمانە چاکسازیی بکەن؟

مەبەسـت لـەم پرسـیارە پرسـیاری ئاسـایی نییـە و چاوەڕێـی وەڵام نـاکات، بەڵکـو جەخـت لەسـەر ئـەوە ئەکاتـەوە کـە ئەمانـە چاکســازیی ناکەن.

١٢- پرسیار بۆ گلەییکردن؛

- بۆچیی سزاتان نەدان؟

نێرەر لە ڕێی پرسیارەوە گلەیی لە وەرگر ئەکات کە سزای ئەوانەیان نەداوە کە ئەبوو سزا بدرێن.

١٣- پرسیار بۆ بچووککردنەوە و گەورەکردن؛

- ئەزانن ئێمە چییمان کردووە؟ - ئەزانن چاکسازییان لە چییدا کردووە؟

ئاخێـوەر لـە فۆرمـی پرسـیاردا کارەکانـی خۆیـان گـەورە نیشـان ئـەدات، وەک ئـەوەی بڵـی ئێمـە کاری زۆر گەورەمـان کـردووە، لـە بەرانبـەردا، بـە پرسـیار ئەیەوێـت بڵێـت ئـەو شـتانەی ئـەوان کردوویانـە زۆر بچـووک و سـادەن.

١٤- پرسیار بۆ دەربڕینی خۆزگە؛

- تۆ بڵیی ئەو ڕۆژە نەبینین؟

مەبەست لەم پرسیارە پرسیاری وەڵام وەرگرتنەوە نییە، بەڵکو خۆزگە خواستنە بۆ بینینی ڕۆژێکی باشتر.

١٥- پرسیار بۆ ناشیرینکردن و ناڕەزایی؛

- ئەوان درۆیان لەگەڵ نەکردوون؟

ئاخێـوەر بـە دەربڕینـی وشـەی (درۆ) بەرانبەرەکانـی بـە ناڕاسـتگۆ نیشـان ئـەدات و لـە شـێوەی پرسـیاردا مەبەسـتەکانی ئەخاتـەڕوو.

١٦- پرسیار بۆ جێخۆشکردن؛

- ئێمە خیانەت لە خەڵکی خۆمان ئەکەین؟

ئەم رستەیە لە فۆرم و ئاوازدا پرسیارە، بەڵام مەبەستەکە پرس و وەڵام وەرگرتنەوە نییە، بەڵکو مەبەستەکە ئەوەیە کە ئەوان خیانەت لە خەڵکی خۆیان ناکەن (کەریم، ٢٠٢٤: ٦٦-٧٠).

**٤-١ گوتاری سیاسیی**

گوتاری سیاسیی، گوتارێکە لە زمان و سیاسەتەوە سەرچاوە ئەگرێ، لەلایەن کەسێک یان گروپێک یان پارتێکی سیاسیی دیاریکراوەوە لەپێناوی گرتنەدەستی دەسەڵات لە رێگای رازییکردن و ئارگیومێنتەوە بەکارئەهێنرێت. گوتاری سیاسیی، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێک لەسەر بنەمای بیردا ئاراستەکراوە، نێرەر بایەخ بە بیرۆکە ئەدات وەک بنەمای سەرەکیی (الشهري، ٢٠٠٤: ١٤٩)، مەبەست لە گوتاری سیاسیی هەژموون پەیداکردن و بەدیهێنانی بەرژەوەندیی و ئەنجام و راکێشانی سەرنجی رای گشتییە بەرەو ئەو ئامانجە، لە رێی ئامرازە زمانییەکانەوە، بەهۆی ئەوەی بەمەبەستێک و ئامانجێکی سیاسییش بەکاردێت، بە گوتارێکی تایبەت هەژمار ئەکرێت (توفيق و مستەفا، ٢٠٢١: ٢٣). گوتار، دەسەڵاتی وەرگرتن و گەیشتنە بە دەسەڵاتی سیاسیی، لەم تێگەیشتنەشەوە، هەر گوتارێکی سیاسیی کەرەستە و رێباز و مەبەستی خۆی هەیە، چەندین پەیامی لەناوخۆیدا هەڵگرتووە و لەلایەن کەسێک، یان چەند کەسێک، یان پارتێکی سیاسیی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بەکار ئەهێنرێن. دەسەڵاتی سیاسییش بە بەرهەمهێنەری گوتاری سیاسیی دائەنرێت، واتا دارشتنی هەر گوتارێکی سیاسیی دەسەڵاتێکی سیاسیی لە پشتەوەیە، لەبەرئەوەیە ئەوترێ کە گوتاری سیاسیی لە دەسەڵات جیاناکرێتەوە، بەڵکو پەیوەندییەکی تەواوکاری پێکەوەیان ئەبەستێت، هەر گوتارێکی سیاسییش رەنگدانەوەی بیر و ئایدۆلۆژیای بەرهەمهێنەری گوتارەکەیە (محەمەد، ٢٠١٦: ٧١). سیمای دیاری گوتاری سیاسیی گرنگییدانە بە کێشە گرنگەکانی رۆژانەی ژیانی خەڵک و پێشکەشکردنی لە بۆتەی زمانێکی کاریگەردا، وەک ئەوەی دەسەڵاتداران لە بەکارهێنانی باودا رەچاوی ئەکەن، بەو واتایەی گوتارێکی ئاراستەکراوە بۆ وەرگرێکی دەستنیشانکراو بۆ رازییکردنی (عكاشة، ٢٠٠٥: ١٤٦). فیلیپ بروتۆن بەم شێوەیە پێناسەی ئەکات؛ چالاکییەکی مرۆییە، چەندین شێوازی پەیوەندییکردن و ئامرازی جۆراوجۆر بە ئامانجی رازییکردنی کەسێک، بیسەرێک، یان جەماوەرێک بۆ وەرگرتنی هەڵوێستێک یان بەشداریکردن لە بۆچوونێکدا ئەگرێتەبەر (Breton: ١٩٩٨, ٣)، ئەو گرنگییدانەی گوتاری سیاسیی بە ژیانی رۆژانەی خەڵکەوە ئەبەستێتەوە، لەسەر کاریگەریی و رازییکردن ئەوەستێت (سالفاسترو، ٢٠٢١: ٣٦٧).

## بەشی دووەم: پرسیارە ئارگیومێنتییەکانی گوتاری سیاسیی سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ

**١-٢ ناساندنی گوتارەکە**

ناوەرۆکی ئەم بەشە، بریتییە لە شیکردنەوەی گوتاری سیاسیی (ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردن) بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی (٢٠٢١). لەم توێژینەوەیەدا، گوتاری سیاسییی جوڵانەوەی نەوەی نوێ لە دیدارێکی تەلەڤزیۆنییدا لەگەڵ (شاسوار عەبدولواحید- سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ) کە لە (٢٠٢١/٩/٢٢)(١) بڵاوکراوەتەوە شیی ئەکاتەوە، کە جۆر و شێواز و مەبەستی بەکارهێنانی پرسیارە ئارگیومێنتیەکانی چوارچێوەی گوتارەکە دەستنیشان ئەکات.

**٢-٢ پرسیارە ئارگیومێنتییەکانی گوتارەکە**

**١-٢-٢ پرسیاری ئاگادارکردنەوە**

١- لینکی دەقی دیدارە تەلەڤزیۆنییەکە (دیداری تایبەت) لە لیستی سەرچاوەکاندا ئاماژەی پێ دراوە و کۆپییەکی ڤیدیۆیی لای توێژەر پارێزراوە.

١- ئێستا ١٠/١٠ هەڵبژاردن نییە؟ ئەم قسەیەم بۆ هەڵگرن بۆ مێژوو، بەڕێزیشتان، بانگەشەی ٩/٩ لە ١٠/١١ دەست پێ ئەکاتەوە بۆ ساڵی ٢٠٢٥.

مەبەستی ئاخێوەر پرسیارکردنی ئاسایی نییە، بەڵکو پرسیارێکی ئارگیومێنتییە بۆ ئاگادارکردنەوەی وەرگر، نەک وەڵام وەرگرتنەوە و وەڵامدانەوەی پرسیارە داخراوەکەی بە بەڵێ یان نەخێر، وەڵامەکەش لە ناو قسەکاندایە، کە وەرگر لەوە ئاگادار ئەکاتەوە، کە بەڵێ لەو رۆژەدا هەڵبژاردنە و وەرگر ئاگادار ئەکاتەوە کە بۆ ئەو رێکەوتە ئامادەن و پرسیارکردنەکە لە واتا ئارگیومێتنییەکەیدا جێگیرکردن و بەڵێیە بە ئەنجامدانی ئەو کردەیە.

٢- واز لە تەزویر و لە کورسی بێنە بابە، گریمان هەموو کورسییەکان ئەبەن، ناترسی ملیۆنێ کەس بێ بڵێ نەخێر؟ ناترسی لەوەی خەڵک هیوای بۆ گەڕاوەتەوە؟ ناترسی بڵێی ئەوە خەڵک ملیۆنێ دەنگی داوە بە نەوەی نوێ سبەینێ بەڵکو نەوەی نوێ ئەم خەڵکە بجوڵێنێ؟ خۆپیشاندانێ بکەن شتێ دژی دەسەڵات بکەن؟ ناترسی بەخۆتا بچییتەوە خزمەتی خەڵک بکەیت؟

خاوەنی گوتار، لە رێی پێنج پرسیاری داخراودا، کە وەڵامەکانیان بەڵی یان نەخێر ئەبێت، سەرەتا لە دوو پرسیاردا بە گوێرەی ئاوازی دەربڕینیان وەڵام بە نەخێر ئەبن و چاوەڕێ ئەکرێت وەڵامی سێ پرسیاری دواتر بە بەڵێ بن، پرسیارەکان ئارگیومێنتین بۆ ئاگادارکردنەوەن و ئەیەوێت لەیەک کاتدا وەرگرەکانی و بەرانبەرەکانی لە دەرەنجامی وەڵامی پرسیارەکانی ئاگادار بکاتەوە کە وەڵامەکە ئەرێنییە و بەڵێ ئەبێ بترسن و بەڵی خەڵک هیوای بۆ گەڕاوەتەوە و ناڕاستەوخۆ ئەڵێت خاوەن گوتار ئەو هیوایەیە، هەروەها ئەبێ بترسێ کە ئەمان خەڵک بجوڵێنن و خۆپیشاندان بکەن و پاشان لە دەرەنجامدا ناچار ئەبیت بەخۆتا بچیتەوە و خزمەت بە خەڵک بکەیت.

٣- رەنگە تەسەورت نەکردبێ لە پەرلەمان ئازابن و لەبادینان سیپان شەڕ بکات و کاوە لەناو هەولێرا خۆپیشاندان بکا و بە دە کەس بچن بۆی هێرشی بکەنەسەر و ئەوانە، وایە؟ لاوازی و بەهێزیی کاندید چییە؟ ئەوەیە کاندیدی سێبارە و چواربارە دانێی؟

گوتاربێژ، لە رێگای پرسیاری داخراوی (وایە؟)، کە پرسیارێکی ئارگیومێنتییە بۆ ئاگادارکردنەوە بەمەبەستی وروژاندنی مێشکی وەرگر و سەرنجراکێشانی، بە ئاوازی دەبڕینەکەیەوە دیارە چاوەڕێی وەڵامی (بەڵێ) ئەکات، پاشان بە پرسیاری کراوەی (چییە؟) بەڵگەی بۆ بەهێزیی کاندە دیاریکراوە مەبەستدارەکانی هێناوەتەوە و وەڵامی داوەتەوە کە کاندیدی بەهێز ئەبێ چۆن بێت، ئینجا پرسیارە سەرەکییەکەی ئەکات کە بریتییە لە دانانی کاندیدی سێبارە و چواربارە و ناڕاستەوخۆ لە ڕێی پرسیارەکانی پێشترەوە وەڵامی ئەو پرسیارەشی داوەتەوە و چاوەڕێی وەڵامدانەوەی وەرگر ناکات.

**٢-٢-٢ پرسیاری جەختکردنەوە**

١- ئەمانەوێ بچیین بۆ بەغدا ئاوایی پرۆژەیەکمان هەبێ بڵێین یەک دوو سێ چوار پێنج، بڵێین ئێمە ئەم خاڵانەمان بەلاوە موهیمە، نەک ئا توخوا عەزیەت نەبێ چەند وەزارەتمان ئەیەنێ؟

ئەم پرسیارە بۆ وەڵامدانەوە نییە، بەڵکو پرسیارێکی ئارگیومێنتییە بۆ جەختکردنەوەیە لەوەی کە ئەوان داوای پۆست ناکەن، تەنانەت ئەو پرسیارەش ناکەن، کە چەند وەزارەتیان پێ ئەدەن، لەبەرانبەردا ئەوان پرۆژەیان بەلاوە گرنگە نەک وەرگرتنی چەند وەزارەتێک، ئەمەش ئەکات بە ئارگیومێنت و ئەم جۆرە پرسیارە بەهێزیی هەڵوێستیان بەراورد بە بەرانبەرەکانیان ئەخاتەڕوو، کە داوای پۆست و وەزارەت دەکەن.

٢- تۆ دەسەڵات بیت، ملیۆنێ نەخێریان بۆ کردبێتی، ملیۆنێ دژیان بۆ کردبێتی، ناترسیت؟ حەزەر ناکەیت؟ لەو

ملیۆن دەنگـە ناترسـیت؟ بەخۆتـا ناچییتـەوە؟
پرسـیاری ئارگیومێنتییـە بـۆ جەختکردنـەوە، ئاخێـوەر لـە سـێ پاتکردنـەوەی پرسـیارەکەی هـەر جـارەی بـە شـێوازێک، کـە پرسـیارێکی داخـراوە، جەخـت لـەوە ئەکاتـەوە کـە بەڵـێ ئەترسـیت و بەڵـی حـەزەر ئەکەیـت و جارێکـی تـر بەڵـێ ئەترسـیت و بەڵـی بەخۆتـا ئەچییتـەوە، بـەڵام ئـەو لـە پرسـیارکردنەکەیدا چاوەڕێـی وەڵام لـە وەرگـر نـاکات و تەنیـا دڵنیایـی جەختکردنـەوە ئـەدات بـە مەبەسـتی ڕازیکردنـی وەرگـر بـە پەیامەکـەی.

## ٣-٢-٢ پرسیاری دڵنیاییدان

١- (لە وەڵامی پرسیاری: خەڵک بۆ ئەبێ دەنگ بە نەوەی نوێ بات؟) - جا بۆ نەییات؟
ئـەم پرسـیارە، پرسـیارێکی ڕێزمانـی نییـە، کـە چاوەڕێـی وەڵام بێـت لەوەرگـر، بەڵکـو پرسـیارێکی ئارگیومێنتییـە بـۆ دڵنیاییـدان بـە وەرگـر و بەهێـز نیشـاندانی هەڵوێسـتیان و وروژاندنـی وەگـر، هـەروەک واتـای ئـەوە ئەگەیەنێـت کـە لـە خۆیـان دڵنیـان هیـچ بیانوێـک نییـە دەنگیـان پـێ نـەدەن. رایـان ئەسـپێرێت کـە دەنگیـان پـێ بـدەن و وەڵامەکـەی ئەرێنیـی ئەبێـت لەلایـەن وەرگرەوە.

٢- بـۆ نـەوەی نـوێ دوژمنـی کـوردە؟ دوژمنـی پەرلەمانـە؟ پەرلەمانتـار نیـن؟ فراکسـیۆن نیـن؟ پەرلەمـان پەرلەمانی کوردسـتان نییە ؟
ئامانـج لـەم پرسـیارە داخراوانـە لـە یـەک رسـتەدا وەڵامدانـەوە نییـە بـە بەڵـی یـان نەخێـر و نێـرەر چاوەڕێـی وەڵام نـاکات، بەڵکـو پرسـیاری ئارگیومێنتیـن بـە مەبەسـتی دڵنیاییـدان بـەوەی کـە نـا ڕاسـتەوخۆ ئەڵێـت نەخێـر ئـەوان دوژمـن نیـن، هـەروەک پەرلەمانتـار و فراکسـیۆنن و پەرلەمانەکـەش پەرلەمانـی کوردسـتانە، هـەر سـێ پرسـیارەکەش لـە ناواخنـدا بـە گوێـرەی ئاوازیـی دەربڕینیـان وەڵامیـان ئەبێـت بەڵـێ بێـت، بـەڵام چاوەڕیـی وەڵام نـاکات، تەنیـا دەیەوێـت وەک ڕاسـتییەک بـۆ دروسـتکردنی کاریگـەری لەسـەر وەرگـر ئـەم پرسـیارە ئارگیومێنتییانـە بخاتـەڕوو.
٣- هـەوڵ ئـەدات تەزویـری لـێ بـکات لـە خۆپیشـاندانا ئـەو ئەگـرێ یـا گەنـج ئەکوژێـت لـە میدیایـا میدیـا دائەخـا، چالاکوانی بادینـان زیندانیـی ئـەکات، تـۆ پێـم بڵـێ یەکڕیزیـی چییـە یەعنـی؟ یەعنـی سـەیرکە یەکـێ لـەو ئەزیزانـە بێتـە شـوێنی مـن، بڵـی خـۆی بخاتـە شـوێنی مـن منیـش ئەچمـە شـوێنی ئەوانـەی دەسـەڵات ئەڵێـم، یەکڕیزبـە تـۆ چـۆن جوابـم ئەیەنـەوە؟ ئـەو بەڕیزانـە چـۆن جوابـم ئەیەنـەوە؟
ئاخێـوەر لـە پرسـیاری یەکڕیزییـدا، داوای وەڵامدانـەوە و واتـای یەکڕیزیـی نـاکات، بەڵکـو بـە چەنـد نموونەیـەک بـاس لـە نەبوونـی یەکڕیزیـی ئـەکات، لـە وەڵامـی ئـەوەی چـۆن وەڵامـی ئەدەنـەوە، پرسـیاری ئارگیومێنتییـە بـۆ دڵنیاییـدان، کـە هەمـان وەڵامـی ئەبێـت و یەکڕیزیـی نییـە، لـە پرسـیارکردن بـە دەسـتەواژەی (ئـەو بەڕیزانـە) و دووبارەکردنـەوەی پرسـیارە بـۆ جێخۆشـکردن و لەهەمـان کاتـدا جەختکردنەوەیـە.
٤- ئەگـەر ئەمانـە هـەر حوکمەکـەن و دەنگدانـی سـوودی نییـە، توخـوا پرسـیارێ بـۆ ئێـوە، بـۆ یەکێتـی و پارتـی پێـش ئینتیخابـات حەملـە ئـەکات؟ مەسـەلەن، مەخسـەدم مووچـە چـاک ئـەکا، هەنـدێ شـت ئـەکا، هەنـدێ ڕێگاوبـان، ئەگەڕێـن لـە دەرگای مـاڵان ئـەدەن، کەسـتان بینیووتانـە لـە دوای ئینتیخابـات لـەدەرگای ماڵەکانتـان بـدەن؟ هـا؟ هیـچ بەرپرسـێکتان بینیـووە؟
ئاخێـوەر سـەرەتا بـە پرسـیارێکی کـراوە مێشـکی وەرگـر ئەوروژێنێـت و لـە ڕێـی پرسـیاری بۆچیـی ئەیخاتـە بـواری بیـر

کردنـەوەوە، پاشـان لـە ڕێـی سـێ پرسـیاری داخـراودا، کـە پرسـیاری ئارگیومێنتیـی دڵنیاییدانـن و وەڵامەکانـی بـە گوێـرەی ئـاوازی دەربڕینیـان چـاوەڕێ ئەکرێـت نەخێـر بێـت، مەبەسـتی خـۆی لـە وەڵامـی گشـت پرسـیارەکان ئەخاتـەڕوو، هـەروەک لـە ڕێـی پرسیاری جەختکردنـەوەی (هـا؟) دڵنیایی نیشـان ئـەدات کەوەڵامەکـە نەخێـر ئەبێت، هـەروەک ئـاوازی دەبڕینەکەی نەخێـر ئەخوازێـت و چاوەڕێـی وەڵامدانـەوە لـە وەرگـر نـاکات.

٥- هـەر لـە بازنەکانـا مەسـەلەن ئەگـەر چـوار کاندیـد بـێ، یەکێتـی و پارتـی لـە هەمـوو بازنـەکان چواریـان دانەنـاوە، هـەر کاندیـدێ دوان ماوەتـەوە، ئـێ بـۆ کـێ ئەبـێ؟

خـاوەن گوتـار پرسـیارێکی ئاسـایی ڕێزمانـی نـاکات، بەڵکـو پرسـیارێکی ئارگیومێنتـی بـۆ دڵنیاییـدان ئـەکات، بـەوەی کـە دڵنیایـی ئـەدات کـە چەنـد کاندیدێـک ئەمێننـەوە و بـۆ ئـەوان ئەبێـت، چاوەڕێـی وەڵام لـە وەرگرەکانـی نـاکات. پرسـیارەکە لـە ناوخۆیـدا وەڵامێکـی ئەرێنیـی هەڵگرتـووە لـە بەرژەوەندیـی خـاوەن گوتـار و ئاراسـتەکردنیەتی بـەرەو وەرگـر لەلایـەک و ڕکابەرەکانـی لەلایەکـی تـرەوە، کـە دوو ئامانجـی هەیـە، بـۆ وەرگرەکانـی دڵنیابـن و دەنگیـان پێبـدەن، بـۆ ڕکابەرەکانیـش ئەوەیـە کـە هێزێکـی تریـش هەیـە و دەنـگ ئەهێنێـت.

٦- ئێسـتا نـەوەی نـوێ قوتکـەرەوە، بەهێـزی بکـەرەوە بەرامبـەر بـە دەسـەڵات ئێمـە کاریگەرتـر نابیـن؟ لـە بـری پردێکـی سـماقوڵی چـاک بکەیـن، دە پـردی وا چـاک ناکەیـن؟

خـاوەن گوتـار لـە دوو پرسـیاری کـراوەدا کـە مەبەسـتەکەی پرسـیاری ئاسـایی نییـە و چاوەڕێـی وەڵام بـکات، پرسـیار بـۆ دڵنیاییـدان ئـەکات، کـە پرسـیاری ئارگیومێنتیـن، بـە گوێـرەی ئاوازیـی دەربڕیـن و نموونـە هێنانەوەکـەی ئەبێـت وەڵامـەکان بەڵـێ بـن، لـە پرسـیاری یەکەمـدا بەڵـێ کاریگەرتـر دەبـن و لـە پرسـیاری دووەمیشـدا بەڵـێ دە پـردی وا چـاک ئەکـەن ئەبێت، بـەم شـێوەیە ئاخێـوەر ڕوو لـە وەرگرەکانـی ئـەکات و پرسـیاری ئارگیومێنتـی دڵنیاییـدان ئـەکات بـۆ گەیاندنـی مەبەسـتەکەی.

٧- ئەمـن قابیلـە دژی میلەتەکـەی خـۆم بـم؟ ئێسـتا ئەگـەر هێزێـک هەبـێ لـە بەغـا داوای مافـی کـورد بـکا، قابیلـە لەبەرئـەوەی ئـەم هێـزە فڵانـە ئیـتر ئێمـە بڵێیـن ڕێـک عەکسـی ئـەو دەنـگ ئەدەیـن؟

ئاخێـوەر لـە چوارچێـوەی پرسـیارێکی داخـراودا، کـە لـە جـۆری پرسـیارە بـۆ دڵنیاییـدان و ئەشـێت وەڵامەکـەی بەڵـی یـان نەخێـر بێـت، هەڵوێسـتی خـۆی سـەبارەت بـە پرسـە نیشـتمانییەکان نیشـان ئـەدات و لـە ڕێگـەی دووجـار بەکارهێنانـی وشـەی (قابیلـە)دا دڵنیایـی ئـەدات کـە ئـەو کارە نـاکات.

### ٢-٢-٤ پرسیار بۆ شانازییکردن

١- ئەڵێ چییتان کردووە؟

پرسـیاری ڕێزمانـی نییـە، کـە چاوەڕێـی وەڵامدانـەوە بـکات، بەڵکـو پرسـیاری ئارگیومێنتییـە بۆشـانازیکردنە، کـە مەبەسـت لێـی شـانازیکردن و دەرخسـتنی ئـەو کارانەیـە کـە بـۆ وەرگریـان کـردووە، واتـای ئارگیومێنتیـی جێگیرکردنـی مەبەسـتەکەیە بـۆ سـوود وەرگرتـن لـە ڕابـردوو و بەهێزکردنـی تێڕوانینەکانـی، بـەوەی کـە ئەڵـێ: ئەڵـێ چیتـان کـردووە؟ بـەو واتایـەی زۆر شـتمان کـردووە.

٢- نـەوەی نـوێ چ شـتێک هەیـە لەسـەری بـووە نـەی کردبێـت؟ تـا خەڵکـی ئەزیـز دەنگـی پـێ نەیـات؟ چ درۆیەکـی کـردووە؟

نـەوەی نـوێ چ شـتێک هەیـە لەسـەری بـووە نـەی کردبێـت؟ تـا خەڵکـی ئەزیـز دەنگـی پـێ نەیـات.. ئەم بەشـەی پرسـیارێکی ئارگیومێنتیـی مەبەسـتدارە بـۆ شـانازیکردن، نـەک پرسـیاری ڕێزمانیـی بـۆ وەڵام وەرگرتنـەوە، لێـرەدا بـەو واتایـە دێـت، کـە

ئـەوان هەمـوو ئـەو شـتانەیان کـردووە کـە لەسـەریان بووبێـت و ئارگیومێنتێکـی پرسـیاریی وەڵامەکـەی ئەبێـت هەمـوو ئـەو شـتانەبێت کەلەسـەریەتی، ئامانجـی ئارگیومێنتەکـە تەنیـا ڕازیکردنـی وەرگـر نییـە، بەڵکـو ئەنجامدانـی کارێکیشـە، کـە دەنگدانـە بـە خـاوەن گوتـار.

٣- لە ماوەی ئەم سێ ساڵەیە چیی هەبووە ئێمە نەمان کردبێت؟

ئاخێـوەر لـەم ڕسـتەیەدا پرسـیار ئـەکات، کـە پرسـیارێکی ئارگیومێنتییـە بـۆ شـانازییکردن، بـە ئامانجی سەرنجڕاکێشـانی وەرگـر و واتاکـەی لەناوخۆیدایـە بـەو واتایـەی ئـەوان لـە سـێ سـاڵی رابـردوودا هەمـوو شـتێکیان کـردووە. کـە لەبنەڕەتـدا پرسـیارێکی مەبەسـت ئەرێنییـە لەبەرگـی نەرێنیـدا کـە ئەبێـت وەڵامەکـەی (هیـچ) شـتێک نەمابێـت نەیانکردبێـت و کردنـی هەمـوو شـتێکیش بێـت.

٤- چ غەڵەتێکمان کردووە؟ چ هەڵوێستێکی سیاسییمان هەبووە غەڵەت بێ؟

پرسـیاری؛ چ غەڵەتێکـمان کـردووە؟ چ هەڵوێسـتێکی سیاسـییمان هەبـووە غەڵـەت بـێ؟ پرسـیارێک نییـە بـۆ وەڵامدانـەوە، بەڵکـو پرسـیارێکی ئارگیومێنتییـە بـۆ شـانازییکردن، کـە هیـچ هەڵوێسـتێکی غەڵەتیـان نەبـووە و لـە هەمانکاتـدا شـەرمەزارکردنی بەرانبەرەکانیەتـی لەبـەردەم وەرگـردا، کـە ناڕاسـتەوخۆ بەبـێ ئـەوەی نـاوی کـەس بهێنێـت ئامـاژە بـەوە ئـەکات کـە ئـەوان غەڵەتیـان کـردووە، بـەڵام ئەمـان نەیانکـردووە.

٥- بڕۆ لە هەچ کەسێ بپرسە لەسەر ئەو جادەیە بڵی نەوەی نوێ باشە یان خراپە؟

ئاخێـوەر لـە ڕێـی پرسـیاری بژاردەییـەوە، پرسـیارێکی کـراوە لـە وەرگـر ئـەکات، کـە لـە ئـاوازی دەربڕینەکەیـەوە دیـارە کـە وەرگـر لـە نێـوان دوو بـژاردەی (بـاش و خـراپ)دا بـاش هەڵئەبژێرێـت. پرسـیارە بـۆ شـانازاییکردن نـەک بـۆ وەڵامدانـەوە، هـەروەک دڵنیایـی خـۆی نیشـان ئـەدات کـە وەڵامەکـە ئەرێنیـی ئەبێـت.

**٢-٢-٥ پرسیار بۆ گەورەکردن**

١- چییـمان نەکـردووە؟ چییـمان نەکـردووە؟ مەسـەلەن چیـی شـتێک هەیـە لەسـەر ئـەم ئەزیزانـەش حەزەکـەم دوایـی بیلێـم، چیـی شـتێک هەیـە لـە هێزێکـی ئۆپۆزسـیۆن بێـت؟

دووپاتکردنـەوەی پرسـیاری (چییـمان نەکـردووە؟) پرسـیار نییـە بـۆ وەڵآمدانـەوە، بەڵکـو پرسـیاری ئارگیومێنتییـە بـۆ گەورەکـردن، کـە دوو ئامانجـی هەیـە؛ یەکەمیـان بـۆ کردنـی هەمـوو شـتێک بـەو واتایـە دێـت کـە زۆر شـتیان کـردووە و هیـچ نەمـاوە بیکـەن، دووەمیـش بـۆ نیشـاندانی پێگـەی خۆیـان کـە لەگـەڵ ئـەوەی هێزێکـی ئۆپۆزسـیۆنن و لـە دەسەڵاتیشـدا نیـن، توانیویانـە ئـەو کارانـە بکـەن.

٢- خەڵکێک پێویستی بە نەوەی نوێ هەبوو بێ، هەڵوێستی نەبووبێ، یەعنی بۆ دەنگمان پێ نایەن؟

پرسـیارێکی ئارگیومێنتییـە بـۆ گەورەکـردن، ئاخێـوەر مەبەسـتە ئارگیومێنتییەکـەی لـە گەورەکردنـی هەڵوێسـتی خۆیـان و نیشـاندانی وەک راسـتییەک کـە ئـەوان هەمـوو شـتێکیان کـردووە و خەڵـک چیـی پێویسـتی بـەوان هەبووبێـت بۆیـان جێبەجێکـردوون، کەواتـە دەنگیـان پـێ ئـەدەن و هیـچ هۆکارێـک نییـە تـا ببێتـە هـۆکاری ئـەوەی دەنگیـان پـێ نـەدەن.

### ٢-٢-٦ پرسیار بۆ ناشیرین نیشاندان و ناڕەزایی

١- نەوەی نوێ چ درۆیەکی کردووە؟

پرسیاری (چ درۆیەکی کردووە؟) رستەیەکی پرسیاریی ئاسایی ڕێزمانیی نییە، تا وەرگر وەڵام بداتەوە، بەڵکو پرسیارێکی ئارگیومێنتییە بە مەبەستی ناشیرین نیشاندان و شەرمەزارکردنی بەرانبەرەکانی لەبەردەم وەرگردا و بە ناڕاستەوخۆ بەراوردکردنی خۆیان لەگەڵ ئەواندا، کە ئەمان هیچ درۆیەکیان لەگەڵ خەڵک نەکردووە، وەک چۆن ئەوانی تر کردویانە، هەروەک پرسیارێکی نەرێنییە ئەبێت ناڕاستەوخۆ وەڵامەکەی (هیچ) بێت.

٢- وەفدی زۆر گەورەی هەرێم، ئەچێ بۆ بەغا ئەچێ لەگەڵ خۆیا کۆمپانیای فڵان و فیسار ئەبا، ئاوا لەتەنیشت خۆی و بە رەئیس وزەرای عێراقیا ئەناسێنێ، ئەڵێ بەڕێز مستەفا کازمی بەشکم ئەوە فڵان کەس کێشەیەکی هەیە لە بەغدا بەڵکو بۆی حەل کەی، توخوا تۆ مستەفا کازمی بیت چۆن سەیری کورد ئەکەی؟ چۆن سەیری ئەو وەفدەی کوردستان ئەکەی؟

مەبەست لەم پرسیارە کراوەیە چاوەڕێی وەڵامدانەوە نییە، بەڵکو پرسیارێکی ئارگیومێنتییە بۆ ناشیرینکردن و ناڕەزایی ئاراستەکراوە، ئاخێوەر لە رێگەی پێشەکییەکەیەوە ناڕەزایی خۆی بەرانبەر بەم هەڵوێستە نیشان ئەدات و لە ناوەرۆکدا وەڵام دراوەتەوە، کە سەیرکردنەکە باش نابێت، مەبەست لە پرسیارە ئارگیومێنتییەکە جێگیرکردنی ناشیرین نیشاندانی بەرانبەرەکانیەتی.

٣- هێزێکی ئازا هەبووە، لەگەڵتابووە، لەگەڵ خەڵکا بووە، مەوقیفی هەبووە، وە شەڕی لەگەڵ خەڵکا کردووە، لەبەرامبەریشتا هێزێک هەیە دزی کردووە لە خەڵک، بێباک بووە لەبەرامبەر خەڵکا یەعنی تۆ دێی چییەکەی دێی سەیریان ئەکەی؟ ئەڵێی وەڵڵاهی ئەمانە هەموو وەکو یەکن؟ من بەس سەیریان ئەکەم؟

ئاخێوەر لە رێی پرسیاری کراوەی بەراوردییەوە، پرسیارێکی ئارگیومێنتی بۆ ناشیرین نیشاندانی رکابەرەکانی ئاراستەی وەرگر ئەکات، کە لە ئاوازی دەربڕینەکەیەوە وەڵامەکەی نەخێر ئەبێت، مەبەستەکەی خۆی ئەگەیەنێت و رێگا نیشانی وەرگر ئەدات کە نابێت سەیریان بکەیت و لە دژی بەرژەوەندیی ئەوان دەنگ نەدەیت و رەتی ئەکەیتەوە کە ئەو دوو هێزەی ئاماژەیان پێدراوە وەک یەک بن.

٤- ئەگەر خۆت درۆت نەکرد لەگەڵ خەڵکا بووی، سبەینێ زەختەکەی، کە زەختتکرد ژیانی ئەو باش ئەبێ بەس کە درۆو کرد، مەخسەم درۆکردن چییە؟

ئاخێوەر لە رێی پرسیاری ئارگیومێنتیی ناشیرینکردنەوە، رقی وەرگر لە بەرانبەر ئەوانی تر درووست ئەکات و بە ناوبردنیان بە (درۆکردن) ناشیرین نیشانیان ئەدات و لایەنەکەی خۆشی بە (لەگەڵ خەڵک بوون) جوان نیشان ئەدات، دوو بژاردە دەخاتە بەردەم وەرگر بۆ هەڵبژاردن، بەڵام لەبنەڕەتدا بژاردەکان بۆ هەڵبژاردن نییە بەڵکو بۆ یەکلاییکردنەوەیە، چونکە لە کۆمەڵگەی وەرگردا و لە دیدی ئاخێوەرەوە هیچ کەس نابێت لایەنی (درۆزن) هەڵبژێرێت.

### ٢-٢-٧ پرسیارکردن بۆ گلەییکردن

١- تۆ تەسەور ئەکەی تا ئێستا، ئەو برادەرانەمان ئەوە سێ ساڵە لە پەرلەمانن، یەک یاداشتی نەوەی نوێ نەخراوەتە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە؟

مەبەستی ئاخێوەر پرسیاری ڕێزمانیی نییە، بەڵکو پرساری ئارگیومێنتییە بۆ گلەییکردن و چاوەڕێی وەڵامدانەوە ناکات،

کە لە سێ ساڵدا یاداشتێکی ئەوان نەخراوەتە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە و لە هەمانکاتدا زانیاریی ئەدات بە وەرگر، پرسیارەکە داخراوە و وەڵامەکەی لەناوخۆیدا نەرێنییە و ناڕاستەوخۆ وەڵامەکەی بەڵێیە و جەختکردنەوەیە لەوەی کە ئەم قسەیە دروستە.

### ٢-٢-٨ پرسیار بۆ هەواڵ و زانیاریپێدان

١- پێش ئینتیخاباتیش خەڵک سارد ئەکەنەوە ئەڵێن مەچن، خۆشیان ماڵەوماڵ ئەگەڕێن، بۆ ئەگەڕێن؟

ئاخێوەر لە ڕێی پرسیاری کراوەی بۆچییەوە، هەواڵ و زانیاریی ئەگەیەنێت، نەک چاوەڕێی وەڵام بکات، ناڕاستەوخۆ بە وەرگر ئەڵێت کە گەڕانی ماڵەوماڵ بۆ بەدەستهێنانی دەنگی دەنگدەرانە لە هەڵبژاردن، کەواتە دەنگدان گرنگە.

٢- ئەو بردەرانەمان ئەگەڕێن مبالەغەی نییە ئەگەر بڵێم لەسەدا هەشتای ئەوانەی ئەچن بۆ دەنگدان بەشی زۆریان لەسەدا هەشتایان یان لە نەوەی نوێ رازین یان دەنگی پێ ئەدەن، باشە؟

خاوەن گوتار، پرسیارێکی ئارگیومێنتی لە شێوەی پرسیاری کراوەی جێگیر ئاراستەی وەرگر ئەکات بەبێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵام بکات، پرسیارەکە لە جۆری هەواڵ گەیاندنە، ئاخێوەر بە واتایەکی ئارگیومێنتی ناڕاستەوخۆ هەواڵەکە بڵاوئەکاتەوە کە ڕێژەی زۆرینەی دەنگدەران ئەچن بۆ دەنگدان دەنگ بە (نەوەی نوێ) ئەدەن، باسکردنی ڕێژەکەش بە جەختکردەوە هەژمار ئەکرێت، مەبەستی ئاخێوەر لە پرسیارەکە پێکانی دوو ئامانجە، یەکەم؛ ڕاگەیاندنی بەشداریی زۆریی دەنگدەرانە بە نەوەی نوێ، دووەم؛ رازیبوونە لە نەوەی نوێ.

٣- لەسەدا هەشتا و پێنجی ئەوانەی کارتی بایۆمەتریان درووستکردووە وەریان گرتۆتەوە، ئیتر خۆ ئەمە نسبەیە، کابرا وەری گرتۆتەوە بۆچیی وەری گرتۆتەوە؟ خۆ ڕەسم ڕەسمێنی پێ ناکا، هەر ئەچێ دەنگی پێ ئەیا.

خاوەن گوتار لە ڕێی پرسیاری ئارگیومێنتیی بۆ هەواڵ گەیاندن، پرسیارێکی کراوە ئاراستەی وەرگر ئەکات و خۆشی وەڵامی پرسیارەکە ئەداتەوە، سەرەتا ڕێژەی ئەوانە دەستنیشان ئەکات کە کارتی دەنگدانیان وەگرتۆتەوە، پاشان لە ڕێی پرسیارەوە ئەگاتە مەبەستەکەی و وەڵامیش ئەداتەوە.

### ٢-٢-٩ پرسیار بۆ ترساندن

١- کە تۆ هێزێکی ئازا و بەرامبەر بە دەسەڵات قوتکردەوە، زیندووکردەوە، ئێ بەس تۆ وەرە ئەو هێزە زیندوو مەکەرەوە باشە، ئەی چیی ئەکەی دەسەڵات بە قوەت ئەکەی؟ بەس دەسەڵات؟ ئەی تۆ سبەینێ چۆن ئەتوانی، چۆن تۆ سبەینێ بەتەمای ئەم دەسەڵاتە لە تۆ بترسێ خزمەتت بکات؟

ئاخێوەر لە ڕێی پرسیاری ئارگیومێنتیی ترساندنەوە وەرگر ئەترسێنێت، پرسیارەکان پرسیاری ڕێزمانیی نین، بەڵکو کە دوو پرسیاری داخراو ئەکات کە وەڵامەکانیان نەخێر ئەبێت، پاشان لە ڕێی پرسیاری چۆنیەتییەوە پرسیاری سەرەکیی ئەکات، کە لە تێگەیشتن لە پرسیارەکانی سەرەتا ئەزانین چاوەڕێی وەڵام ناکات و ناڕاستەوخۆ بە وەرگر ئەڵێت چاوەڕێ مەکە خزمەت بکرێی.

## ئەنجام

پرسیار بە مەبەستی ئارگیومێنتیی لە گوتاری سیاسییدا پەنای بۆ ئەبرێت، پرسیار کردەی قسەیی ناراستەوخۆیە و ئامانجیەتی گۆڕانکاری لە بیرکردنەوەی وەرگردا درووست بکات، یان بە بیرۆکەیەک رازیی بکات، یان هانی بدات کارێک بکات، نەک پرسیارێک بێت چاوەڕێی وەڵامدانەوە بکات.

جـۆری جیـاوازی پرسـیاری ئارگیومێنتیـی لـە گوتـاری سیاسـییدا بـەکار ئەهێنرێـن، وەک ئاگادارکردنـەوە، جەختکردنـەوە، دڵنیاییـدان، شـانازیکردن، گلەییکـردن، جێخۆشـکردن، ناشـیرینکردن، هـەواڵ و زانیارییپێـدان، گەورەکـردن و ترسـاندن. ئاخێـوەر لـە ڕێـگای شـێوازەکانی پرسیاری داخـراو و کـراوە و بژاردەییـەوە مەبەسـتەکانی گوتارەکـەی ئەخاتـەڕوو و زۆرتریـن شـێوازی پرسـیاری داخـراوی بەکارهێنـاوە و لـە ڕووی پێکهاتەشـەوە پرسـیار لـە ڕێـی ئامـراز و پرسـیار لـە ڕێـی ئـاواز و هێـزەوە بەکارئەهێنرێت.

پرسـیاری ئارگیومێنتیـی لەسـەر بنەمـای بەکارهێنـان درووسـت ئەبێـت، واتـە بەکارهێنانـی زانیاریـی و بیـرە ئایدۆلۆژییـەکان و خسـتنەڕوویانە بـە مەبەسـتی ڕازییکـردن، گوتـارە سیاسـییەکانیش هەڕەمەکییانـە ئاڕاسـتە ناکرێـن، بەڵکـو لـە ئایدۆلۆژیایـەک یـان بۆچـوون و تێگەیشـتنێکەوە سـەرچاوە ئەگـرن، چونکـە ئەشـێت ڕسـتەکە لـە شـێواز و فۆرمـدا پـرس بێـت، بەڵام مەبەسـتی تـری هەبێـت، کـە واتـای پراگماتیکییـە و هێـزی ڕازییکـردن بـە ئاخاوتـن و بیرۆکـە دەربـڕاوەکان ئەبەخشـێت.

پرسـیاری ئارگیومێنتیـی لـە گوتـارە سیاسـییەکاندا ڕۆڵـی میکانیزمێکـی ئارگیومێنتیـی لـە کاریگەریـدا ئەبینێـت. وەک چەمکێکیـش لـە بـواری کۆمەڵایەتیـی و دەروونیـی و تەنانـەت سیاسییشـدا بـە فراوانـی ڕۆڵ ئەبینێـت. لـە ئاراسـتەکردن و بەرهەمهێنانـی گوتـاری سیاسییشـدا بـە مەبەسـتی کارتێکـردن و ڕازییکـردن بەکارئەهێنرێـت.

## ملخص:

تركـز هـذه الدراسـة عـلى الأسـئلة الحجاجيـة في مجـال الحجـاج والتـي يسـتخدمها المتكلـم لتحقيـق هدفـه، ويعتمـد الخطـاب السـياسي عـلى اسـتخدام عـدد مـن الآليـات الحجاجيـة، منهـا آليـة الأسـئلة الحجاجيـة، والتـي تسـتخدم لإقنـاع المتلقـي، خاصـة في الخطـاب السـياسي الموجـه شـفهيا في وسـائل الإعـلام. وكـما هـو معـروف، فـإن لغـة التعبـير لا تسـتخدم فقـط لتوفـير المتعـة، بـل يمكـن اسـتخدامها أيضـا للإبـداع والإقنـاع. وتعتـبر الأسـئلة مـن أبـرز هـذه الأشـكال اللغويـة. ويعتمـد في هـذه الدراسـة عـلى نظريـة تحليـل الخطـاب ويشـير إلى طريقـة اسـتخدام الأسـئلة مـن قبـل مرسـل الخطـاب لغـرض الحجاجـي، ولأن الأسـئلة هـي سـبب لتحريـك الفكـر الإنسـاني، فـإذا كان الـكلام يثـير أسـئلة، أو يتطلـب أسـئلة، فـلا بـد مـن وجـود حجـة في المحادثـة، والسـؤال الحجاجـي ليـس سـؤالا يلعـب دور السـؤال النحـوي فقـط، بـل يدخـل في الـكلام كآليـة الحجاجيـة، لأن النـاس يطرحـون الأسـئلة ويثبتـون أو يسـتخدمون الحجـج عندمـا يتحدثـون. الأسـئلة الحجاجيـة، بسـبب طبيعتهـا المقنعـة، يمكـن أن تؤثـر عـلى المتلقـي. تحـدد هـذه الدراسـة الأسـئلة التـي تلعـب دورا حجاجيـا في الخطـاب السـياسي الشـفهي لرئيـس حركـة (نـەوەی نـوي). يتـم توجيـه الخطـاب العينـة في سـياق مقابلـة تلفزيونيـة، تـم إلقـاء الخطـاب في إطـار الحملـة الانتخابيـة النيابيـة لعـام ٢٠٢١، حيـث تـم تحديـد الانتخابـات باعتبارهـا الموضـوع الأكـثر إثـارة للاهتـمام للتحليـل، وتحمـل المقابـلات التلفزيونيـة الرسـائل الفعالـة للحملـة الانتخابيـة.

**الكلمات المفتاحية: الحجة، السؤال الحجاجي، الخطاب السياسي، حركة نەوەی نوي.**

## Abstract:

This study focuses on argumentative questions in the field of argumentation, which the speaker uses to achieve his goal. Political discourse depends on using several argumentative mechanisms, including the argumentative question mechanism, which is used to persuade the recipient, especially in political discourse directed orally in the media. As is known, the language of expression is not only used to provide pleasure but it can also be used for creativity and persuasion. Questions are among the most

prominent of these linguistic forms. In this study, he relies on the theory of discourse analysis and refers to the method of using questions by the sender of the speech for argumentation, and because questions are a reason to move human thought, if speech raises questions, or requires questions, then there must be an argument in the conversation, The argumentative question is not only a question that plays the role of a grammatical question, but rather it enters speech as an argumentative mechanism, because people ask questions and prove or use arguments when they speak. Argumentative questions, because of their persuasive nature, can influence the recipient. This study identifies the questions that play an argumentative role in the oral political discourse of the leader of the (naway nwe) movement. The sample speech is directed in the context of a television interview. The speech was delivered in the context of the ٢٠٢١ parliamentary election campaign, where the elections were identified as the most interesting topic for analysis, and the television interviews carried the effective messages of the election campaign.

**Keywords: argument, argumentative question, political discourse, (naway nwe) movement.**

## سەرچاوەکان

- توفیق و مستەفا، قەیس کاکل و چیبا عەلی (٢٠٢١)، توندی و نیانی لە گوتاری سیاسییدا، گۆڤاری توێژەر/ بەرگی ٤/ (١)، ٧-٦٨.

- دزەیی، عبدولواحید مشیر (٢٠١٢)، هێز و کاریگەری پرسیار لە دیمانەکانی ڕاگەیاندندا، گۆڤاری زانکۆی سەڵاحەدین بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژمارە (٥٤).

- دزەیی، عبدولواحید مشیر(٢٠١٥)، ڕەهەندی پراگماتیکی لە واتاناسی ڕەوانبێژی زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی دهۆک بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی/١٨، ژمارە/٢.

- سلێمان، ئاسۆس ئەنوەر (٢٠٢٢)، ئەرگۆمێنت لە گوتاری سیاسیی کوردیدا- بانگەشەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان بە نموونە، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەڵاحەدین.

- شاسوار عەبدولواحید ( ٢٠٢١/٩/٢٢)، دیداری تایبەت، کەناڵی NRT {ئۆنلاین}. https://www.facebook.com/Xwendn.larussiau/videos/١٤٦٣٩٢٩٦٠٧٣١٣٥٢١

- عەلی، شێرزاد سەبری و محێ، جیهان غیاس (٢٠١٨) تاکتیک و بکارهینانێن پرسیارێ د زمانێ کوردیدا، گوڤاری زانکۆی دهۆک، پەڕبەندا: ٢١، ژمارە: ٢.

- کەریم، عومەر محمود (٢٠٢٤)، سینتاپراگماتیکی رستەی پرس لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی ١١، ژمارە ١.

- محمد، بەهار زایر و دزەیی، عبدلواحد مشیر (٢٠٢٠)، لۆژیک وەک میکانیزمێکی ئەرگۆمێنتی لە داڕشتنی هەواڵ دا{ئۆنلاین}، گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ، بەرگی ٨، ژمارە ٤.

- محەمەد، بەهار زایەر (٢٠٢١)، میکانیزمەکانی ئەرگۆمێنت لە داڕشتنی هەواڵدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەڵاحەدین.

- محەمەد، دەشتی بەهجەت (٢٠١٦)، لێڵی لە گوتاری سیاسیی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

- ابراهیم، احمد محمد عبدالعال (٢٠٢١)، الاسئلة الحجاجیة في الخطابات السیاسیة، مجلة البحث العلمي في الاداب، جامعة عین شمس.

- ابو الزهراء (٢٠٠٣)، دروس الحجاج الفلسفي، مكتبة الخانجي، القاهرة.
- بنور، عبدالرزاق (٢٠٠٨)، جدل حول الخطابة والحجاج، دار العربية للكتاب، تونس.
- خضير، باسم خيري (٢٠١٩)، الحجاج وتوجيه الخطاب، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان.
- الدريدي، سامية (٢٠١١)، الحجاج في الشعر العربي، عالم الكتب الحديث، اربد-الاردن.
- ديكرو، ازفالد (٢٠٢٠)، السلميات الحجاجية، ت: ابوبكر العزاوي{اونلاين}، فاس-المغرب.
- الساري، عبدالكريم فهد (٢٠١٢)، التكتيک الحديث والمقابلات الصحفية، دار أسامة للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.
- سالفسترو، كوستانتين (٢٠٢١)، العقلانية والتلاعب، دور المغالطات في الخطاب اللسياسي، ت: حسين البعطاوي، مجلة خطابات، العدد الثالث، تصدر عن مركز المدار المعرفي للأبحاث والدراسات، الجزائر.
- الشهري، عبدالهادي بن ظافر (٢٠٠٤)، استراتيجيات الخطاب، مقاربة تداولية، دار الكتاب المتحدة، بيروت-لبنان، ط١.
- صديق، منتصر نبيه محمد (٢٠١٨)، سلطة النص وآليات الحجاج قراءة في نونية أبي إسحق الإلبيري، مجلة الدراسات العربية- المجلد ٣٧، العدد ١٠، المصر.
- صوله، عبدالله (٢٠٠٧)، الحجاج في القرآن الكريم، دار الفارابي، بيروت - لبنان.
- صوله، عبدالله (٢٠١١)، في نظريات الحجاج، مسكيلياني للنشر والتوزيع، تونس.
- العزاوي، ابوبكر (٢٠٠٦)، التحاجج طبيعته ومجالاته ووظائفه، منشورات كلية الاداب والعلوم الانسانية بالرباط، تنسيق: حمو النقاري{اونلاين}، دار البيضاء - المغرب.
- عكاشة، محمود (٢٠٠٥)، لغة الخطاب السياسي، دار النشر للجامعات، مصر.
- القارصي، محمد علي (١٩٩٨)، اهم نظريات الحجاج في التقاليد الغربية من ارسطو الى اليوم، مجلة الاداب والفنون والعلوم الانسانية، اشراف: حمادي صمود، تونس.
.L’argumentation Dans la communication. Editions du Casbah, Alger ,(١٩٩٨) Breton ,Philippe
.Dictionary of Contemporary English, Longman; Revised edition Publisher (١٩٨٩) Longman
The New Rhetoric ,(١٩٧١) PERELMAN, CH. and L. OLBRECHTS-TYTECA
A treatise on Argumentation, T: JOHN WILKINSON & Purcell Weaver, University of Notre Dame Press Notre Dame, Indiana
Handbook of argumentation theory. In .(٢٠١٤) .Van Eemeren, F. H., Grootendorst, R., & Kruiger, T .Handbook of Argumentation Theory. De Gruyter Mouton. Springer Dordrecht Heidelberg New York